# تۆ هەر لەدڵی من دای



دەریـا ڕەوانـدزی

1
هێندە
لەتۆوە نزیك بووم
كە خەڵكی تر
بە تەنیشتمەوە تێدەپەڕن
هەست بەسەرما دەكەم
تۆ...تەنها تۆ...
لێمەوە نزیك بە.!
2
گەر بەناوی تۆ
دەستم پێكرد
لەئاكامدا دەگەم
بەخودی خۆم
لەكۆتایش هەر دەگەمەوە
بەتۆ...
چونكە
لەناخی من تۆ هەیت.!
3
لەئامێزت بگرم
قژی رەشت
تێكەڵ بەقژم دەبێ
هەر هەمان شێوەی دەستم و

بۆنی ئامێزمت هەیە
سێبەرەکەم
ونت دەکات
هەروەك بەردێك بەئاسمانەوە.!
4
دەزانی...
تاکو شەپۆلی روناکی
لەنێو ماچدا
بەگەرم و گوڕی ببریسکێتەوە
تاکو شنە با
بۆن و بەرامەی گوڵ بپرژێنێ
تاکو ئەستێرەکان
لەئاسمان بجریوێنن
تۆ هەر لەدڵی من دای.!
5
بیرت بێت...
تاکو زانست بێ پەروا
پایدۆزی دۆزینەوەی
سەرچاوەکانی ژیان بێ
تاکو هەلدێرەکانی دەریا و
فراوانی ئاسمان
لەبەرەنگاریدا بن
باران و بیابان
چاوەروانی یەکتر بن
تۆ...تەنها تۆ..
لەئامێزمای.!
6
ئەو رۆژانە بیر ناچنەوە
بەبێ ئەوەی لێومان
بزەیەکی لێ سەوز بێ
دڵمان خۆش بوو
بەشادی دەردەکەوتین
هیچ فرمێسکێ
کانی چاوەکانی
جێ نەدەهێشتین
بۆ ئەوەی
لەچاوی یەکتر
بمێنین و
لەدڵی یەکتر
ژیان بکەین.!

7
دەبێ پێم وت بی
تاکو دڵ و مێشك
بەردەوام
لەململانێدا بن
تاکو هیواو ئاوات و بیرەوەری
لەئارادا بن
تۆش لەخوێنمی و
بەنێو دڵم گوزەردەکەی.!
8
بیرت دەکەم
تاکو چاوەکان
رەنگی ئەو چاوانە دەدەنەوە
کە لێیان دەڕوانن
تاکو دەم لێوەکان
بە ئاهو ناڵین
وەڵامی لێوانی تر دەدەنەوە
تاکو ماچێك
دوو جەستە ئاوێتە دەکات
تاکو ناوی رۆمی و جولیت بێت
تۆش هەر دەمێنیت
لەنێو جەستەو رۆحی مندا.!

دەریا رەواندزی